حەسەن نەسروڵا هەڕەشە لە ئیسرائیل و ئەمریکا دەکات

حەسەن نەسروڵا ئەمینداری گشتی حزبوڵای لوبنان رایگەیاند، ئەمریکییەکان هەڕەشەیان لە لوبنان کرد کە ئەگەر بەرەی شەڕی باشور ڕانەگیرێت، ئیسرائیل شەڕ لە دژی ئەو وڵاتە دەستپێدەکات، بەڵام ئەم شەڕە نە سنور و نە کات، هیچ شتێکی نیە.

حەسەن نەسروڵا لە وتارێکدا لە "ساڵڕۆژی هەفتەی شەهید ویسام حەسەن تەویل"، ئەمە یەکشەممە رایگەیاند، "ئەمریکییەکان هەڕەشەیان لە لوبنان کرد کە ئەگەر بەرەی باشور ڕانەگیرێت، ئیسرائیل شەڕێك لە سەر ئەو وڵاتە دەستپێدەکات، بەڵام هەڕەشەکانتان نە ئەمە و نە سبەینێ و نە هیچ ڕۆژێکیش سودیان نابێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، لە غەززە هەڕەشەی هەزێکی شکستخواردومان لێدەکرێت، بێیە ئەمەش پێیاندەڵێین، "سڵاو و بەخێر بێن!".
ئەمینداری گشتی حزبوڵای لوبنان ئاشکراشیکرد، ئەو کەسەی کە دەبێت لە شەڕ بترسێت ئیسرائیلە، گەلی دوژمن و دانیشتوانەکەیەتی نەك لوبنان، ئەمە 99 ڕۆژە ئامادەین بە شەڕ و

لەی ناترسین، ئەمە بەبێ دیاریکردنی کات و شوێن شەڕ دەکەین".

حەسەن نەسرولا جەختیکردەوە، "ئەو ئەمریکییەی بانگەشەی ترس لە لوبنان دەکات، دەبێت لە هێزەکانی لە ناوچەکە و بنکە سەربازییەکەی بترسێت".